www.kurdistannet.org
28-2-2007 21:35 بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## جەزا و سان پترس بۆرگ!؟ ... هەردی عەول

تۆلستۆی؟! گۆگۆڵ؟! چیخۆف؟!. . . . . دۆستۆیڤسکی؟!. . . . . ڕابن هەستنە سەرپێ سەیر کەن بزانن لە وڵاتەکەی پڕ ئەدەب و هونەرەوە چ بۆرە پیاوێک خامەی بەدەستەوەگرتووەو سوکایەتی بە ئینسان دەکات، مردن بۆ ئینسان دەخوازێ!.

دەزانم ئێوە لەباتی هەموو خەڵکی شاری سان پترس بۆرگ ی جوان وقەشەنگەوە لە باتی هەموو گەلی ڕوس و ئەدەبەکەیەوە ئارەقی سارد بەناوچەوانتاندا دێتە خوارێ. ئێوە لە جیاتی هاووڵاتیەکانتان داوای لێبوردن دەکەن وشەرم داتان دەگرێ. . .

دەزانم ئێوە ئێستا دەستان ناوەتە ژێر چەنەتان وگشت نووسین وئەدەبەکەتان وەک شریتێکی سینەمایی دەهێننەوە پێش چاوتان، هەرچەند دەکەن ودەکۆشن سەردەری لێدەرناکەن، ئاخۆ دەبێ چ نوقسانییەک چ هەڵەیەک لە ئەدەب و نوسینەکانتاندا هەبێ! دەبێ باسی چتان نەکردبێ؟!

دەزانم ئێوەش پێتان سەیرە، سەرتان لە کاری خودا سوڕماوە چۆن بەوئەدەبە جوان وزمانەشیرینەوە نەتانتوانیوە مسقاڵە زەڕڕڕڕەیەک کار لە جەزا بکەن بۆ ئەوەی فێری ئسلوبی نووسین و قسەکردن بێت.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.